# سیمیۆلۆژیای ڕاڤەکاریی

نیهاد جامی

سیمیۆلۆژیای ڕاڤەکاریی بەتەنیا هەولێك نییە بۆگەشەسەندنێکی تیۆریی بەڵکولەپاڵ ئەو گەشە سیمیۆلۆژیە دەیەوێت بەدوای ئاراستەیەکی نویٚ بگەڕێت بۆ تیۆریی ئەدەبی بەمانای سیمیۆلۆژیایەکە زیاتر لەشێوەی تیۆرێکی ڕەخنەیی و ئەدەبی دەردەکەوێت لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لەشیعرەوە دەیەویٚ جارێکی تر دەقە فەلسەفیەکان بێنێتەوە دواندن, ئەوەش لەڕێگەی پەیوەندیەکی نویٚ پەیوەندیەك کەڕەخنە بەتەواویی فەرامۆشی کردبوو, کەدیارە هەر لەو قسەکردنەیەشەوە نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین, کەپەیوەندیی ئەو سیمیۆلۆژیایە لەگەڵ ئەدەبدا پەیوەندیەك نییەبۆ خوێندنەوەی دەق, بەڵکوپەیوەندیەکە دەیەویٚ لە زەمینەیەکی فەلسەفیەوە,تیۆربۆئەدەب بەرهەم بێنێت, تیۆرێك لەپێناودەقێکی دەستنیشانکراوکار نەکات, هێندەی دەیەوی ژانریئەدەبیوەك کاییەکی سەربەخۆسەیربکات وشوێنگەی لەناوبیرکردنەوە و گۆران دەست نیشان بکات ,کەتاچەنددەتوانێت بوونی خۆیبسەپێنێت. هەر بۆیەکریستیڤالەوەرگرتنی چەمکێکی هیگل بۆبەخراپ سەیرکردنی شیعر پەیوەندیبەوبەشداریە هەیەکەتاچەندشیعرتوانایگۆران وبەرهەمهێنانی مەعریفەیهەیە بۆئەوەیبتوانیٚ گفتوگۆیەکی فراوانیش بخوڵقێنێت,نایەت لەسەر بۆچوونەکانی خۆی شیعرمەحکوم بکات, بەلکودێت ئەو چەمکانەی بەدوایروانینیبەنێگەتیڤکردنیشیعر سەیری دەکات, لەنێو مانا فەلسەفیە کەیفەلسەفەی یۆنانیەوەکاریپێدەکاتەوە.ئەوەش ئەوراستیەمان بۆروون دەکاتەوەکەئەگەرنەتوانین لەدیدێکی سەراپاگیریبۆسیمیۆلۆژیاجیاوازی کریستیڤا بدۆزینەوە,ئەوا لەپرۆسەیسیمانالیزییبۆدەقی شیعریی تەواوی ئەو خاسیەتەجیاوازانەهەستپێدەکەین کەبارگاوین بەدەلالەتی فەلسەفی قووڵەوە, ئەوەش توێژینەوەیەکی سیمیۆلۆژی نییەبۆشیعر, بەلکو وەك چارەسەرێکی سیمانالیزیی دەردەکەوێت لە ڕێگەیمومارەسەی بەردەوامیدال,بەلام لە روانگەیەکی نێگەتیڤەوە,ئەوەش بەتەنیا دەسپێکێك نییەبۆ نێوجیهانێکی جیاواز, بەلکو چارەسەرێکیفەلسەفیشەبۆڕەتکردنەوەیشیعرلەناو پرۆسەی بیرکردنەوە,کەلەڕوانگەی "هیگل" ەوە سەیرینێگەتیڤ دەکات, ئەو چارەسەرەبۆ رەتکردنەوە دەبێتەجۆرەدژایەتیکردنێکیخودلەگەڵ خۆشیدا, کەلای"هیگل"دەبیٚبە"جیاوازی رەها" , چونکەپەیوەندیلەگەڵ هیچ شتێك درووست ناکات,بەواتایلەدەرەوەی هەمووپەیوەندیەك لەگەل بوونەوەرەکانی تردەژیێت,ئەوسەرنجە بەتەنیا مایەی گەڕانەوە نییە بۆهیگل, بەلکو متمانە کردنەسەر چەمکی"دیالەکتیك"یشە,ئەوگەرانەوەیەلەنێو زەمینەیەکی فەلسەفییەوەدەیەویٚبەنێگەتیڤکردنی شیعر,ئەو ژانرە ئەدەبییە لەنێو پرۆسەی بیرکردنەوە دەربکات,کەوابێت گەرانەوە بۆ ئەو فەیلەسووفە پەیوەندی بەو تێگەیشتنە فەلسەفییەوەهەیەبۆشیعرکە((چەمکیشیعرلە فەلسەفەی هیگل, بەوپێیەیناوبژیکەرێکەگوزارشت لە بایەخێکی دەست نیشان کراودەکات" لەدەرەوەیخود"کەدەکرێت دوای کۆتاییپێهێنان خۆی ڕەت بکاتەوە,ئەوەش بە پەرژینکراوکردن دائەنریٚ,بۆئەوبایەخەیەکەمجاربانگ هێشتی ناسین دەکات لەسەر سرووشتی بوونی شیعرو,وەبایەخدانیشی بەڕێرەوی دیالەکتیکی لایهیگل ))(1)بۆچی؟چونکەپەیوەندینێوان "بەشیعرییبوون"و "ئاساییبوون" ,پەیوەندیبە سیستمێکیئیقاعیهەیە,کەدوایقۆناغیئۆدیبیەت ئاکاری کۆمەلایەتیڕێگەنادات گەشەسرووشتیەکانی مرۆڤ پەرەبستێنیٚ, بەڵکو بەپێیئەوئاکارەدەبێت رەفتاربکات,بۆیەپالنەرەجەستەیی وعەقڵیەکان لە دۆخی ئاسایی بوونی خۆیبەرەو دۆخی شیعریی بوون دەرۆن, ئەو دۆخە گەرانەوەیە بۆبەر لە قۆناغی ئۆدیبیەت,کەتەنیالەنێوشیعردائیقاع ودەنگەکان دەتوانن لەناونەست ئازادبن,بەواتای شیعرهەوڵی ئازادییبەخشین دەدات..نەك ئازاد بوونیخود , بەڵکولەرێگەیدەنگ وئیقاع وووشە دەیەویٚ بۆ بەرلەقۆناغیئۆدیبیەت بگەرێتەوە,ئەوەش گەڕانەوەیە بۆمناڵینەوەکو خولْقاندنی مەعریفە بێت,چونکەمەبەستیمومارەسەکردنیئارەزووە چەپێنراوەکانینێونەستە,بۆیەدەنگ بەلایەوەوەك پالنەرێکی زایەندیی سەیر دەکات,زمانیقسەکەرلەناوشیعرشێوازێکەڕووەوبنیاتنانێکیڕەتکەرەوە, چونکەکاتیٚدەق دەبیٚبەهەڵگریی دەلالەتی شیعریی, بەمانای وەزیفەی شیعرییدەستنیشان دەکرێت,وە هەرجیاوازیەك لەنێوبیرکردنەوەیدەلالی هەبێت, ئەوە مومارەسەی سیمانالیزیینێو خوێندنەوەی دەقە کە دەست نیشانیدەکات,کاتیٚشیعروەك نێگەتیڤ سەیر کرا, ئەوساتە بیرۆکەی ڕەتکردنەوەیدێتەپێشەوە, بەلاّم چونکەکارکردنیکریستیڤابەردەوام لەسەر زەمینەیەکیفەلسەفیەوەبەرهەمدێت,بۆیەئەگەر نێگەتیڤ بە مانا هیگلیەکەی وەربگرێت,ئەوا بۆڕەتکردنەوەش بۆفەلسەفەییۆنانیدەگەرێتەوە, کەڕەتکردنەوەلەفەلسەفەییۆنانیلە"هەڵکردن"و"""نائامادەییبوون" سەرچاوەدەگرێت,بەلایانەوەهەرلەبنەماوەپرۆسەکەبەهەڵەهاتووە,ئەگەر کریستیڤا لەوڕوانگەیەشەوەشیعر رەتبکاتەوە,ئەواچەمکی

دووەم بۆ ڕەتکردنەوە "نائامادەییبوون" تەواو خۆی دەسەپێنێ,کەمادامەکی هەڵەیەك هەیە, ئەوا توانای خۆسەپاندنیشی نابێت و بە ئامادەیی دەمێنێتەوە, چونکە لەفەلسەفەی یۆنانیدا"خۆسەپاندن"ڕێکدەبێت بەدوالیزمی "ڕەتکردنەوە/ خۆسەپاندن "بە دوای ئەوەیغەریزەیخۆشەویستیبەرهەمی دێنێ,لەو بەرهەمهێنراوەش یەکبوون دەیسەپێنێ,لەکاتێکدا ڕەتکردنەوە ڕێك بە پێچەوانەوەکاردەکات, کە بەرهەمیغەریزەیوێراکردنە,بۆیە ڕەتیشدەکرێتەوە, چونکەلەبنەماوەگوزارشت لەدەرکردن دەکات, ئەگەرقسەکانمان کورت بکەینەوەلەکورترینماناندا دەڵێین"خۆسەپاندن /ڕەتکردنەوە"بەرەنجامی گەشەی پەیوەندییهەریەکەلەخۆشەویستی و مەرگە ,بۆیە ئەو دوالیزمە بەرهەمیئەودووخودا دژ بەیەکەی یۆنانیەکانن, ئەو دوالیزمەی لە منالدانی ئەودوو سیمبولەئایینەهاتوونەتەبوون کەبە"ئیرۆس وتاناتۆس"ناسراون. ئەودووچەمکەبۆڕەتکردنەوە چەندەئاسۆیەکیجیاوازبۆدیدێکیفەلسەفی دەستنیشان دەکەن,لەڕێگەی پەڕینەوەلەئەفسانەوە بۆفەلسەفە و دواترپەیوەندینێوان فەلسەفەوزانست لەلایەکیتر, ئەوە لەلایەکی تر ڕەتکردنەوەیەپەیوەندی بەخودی شیعرخۆشیەوەهەیە, چونکە ئەگەر شیعر بەکارێکیفەردییناوببردرێت,کەتاك لەڕێگەیئەندێشەی خۆیەوە بەرهەمی بێنێ, یاخودشیعرلەپێناومەبەستێکیگشتیبنووسرێت,بۆئەوەش کوپلەیەك لەقەسیدەیەکی "بۆدلێر"دێنێتەوە,کەدەلالەت لەوقەسیدەیەداکاتێ باسیژوورێك دەکات شتەهەست پێکراوەکان هەمان ئەو شێوەیەینێو ئاخاوتنیهەیە,بەمانایزمان توانایئەوەی نەبووە لەناو خۆیدا دەستمان بەر کۆمەلەموفرەدەوماتریالێك بکەوێت کەلەتوانایئاخاوتن نەبێت,ئەوەش لەدووتوێیتێگەیشتنە"سۆسێر"ییەکەهەلێنجراوە,کەئاخاوتن ناتوانێ نوێنەرایەتیسەرتاپایزمان بکات,بەڵکوتەنیاموفرەدەیەکیفەردانی نێو زمانە,بۆیەلەناودەقەشیعریەکەشداتەنیاموفرەدەیفەردانیزمان دەبینین, نەوەکوشیعرەکە توانایئەوەیهەبێت,بەوشتانەمان بگەێنێت کەلەتوانای ئاخاوتن بەدەرە.ئەگەرچیکاتێخوێندنەوەیسەراپاگیریبۆقەسیدەکە بکرێت ,دەتوانێت بەوەرازیمان بکات,کەبەرزکردنەوەیەکی بالآیە لەنێوپرۆسەیەکی فەردانی,بەلآم لەڕاستیدا((لەچوارچێوەی هەمان پراکتیکی نا پێکهاتە ییدایە,بەڵگەداروگشتی,وەدواتریش فەردانیەت ڕەتدەکاتەوە, لەبەرئەوەیبەڵگەدارشتێکی نافەردیەو بەرەو ئاراستەیەکی گشتیدەڕوات)) (2) ئەوەش دەبەستێتەوە بەوتێڕوانینەفەلسەفییەی"ئەفلاتون"کەقسەکردنی خوددوان وئاخاوتن نییەلەسەرخود,بەمانایڕەتکردنەوەیەکیفەلسەفیە ڕەتکردنەوەیشیعربەلایەوە ,کەهەمووئەوبیانوو پاساوانەیبەپرۆسەی فەردانی ویان گشتیناویدەبەن,لەبنەڕەتداهەولێکەبۆوەرگرتنەوەیژیانیلەدەست دراو,وەرگرتنەوەیەك هیچ ڕوانینێکینوێبەبوون نابەخشێت, هێندەی پالنەرە چەپێنراوەکان حوکمیتیا دەکەن ,ئەوەش لەئەزموونیشیعریی"مالارمێ"و "لۆتریامۆن"و"بۆدلێر"بەووردییکاری لەسەر دەکات. ئەگەرچی خوێندنەوەی بۆ هەریەك لەئەزموونە شیعریەکان بەپالپشتی سەرچاوە وتیۆری ئەدەبینییە, بەلکو لەزەمینەی فەلسەفیەوەیە, ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخاکەشیعرلەنێوفەلسەفەپرۆسەیەکینەگەتیڤەوئەودەستەواژەیەتەواو پوکاوەتەوەکەدەڵێت(شیعرفەلسەفەیە..!)دیارەئەوسەیرکردنەیبۆشیعرهەمان سەیرکردنینییەبۆڕۆمان,بەڵکوهەریەك لەودووژانرەئەدەبیە زۆر بە جیاواز سەیریان دەکات,بۆیەبۆڕۆمان هەرلەسەرەتاوەچەمکێکی(میخائیل باختین) دێنێتەوە,کەئیدیۆلۆژیمە,ئەوچەمکەبەدوای بەشدارییی کردنی سیمیۆلۆژیی بەشداری دەق دەکات,لەچوونەنێودەقەکانیتردا. ئەوچەمکەدوای نووسینی ڕۆمان نایەتەبوون,بەڵکولەگەڵ دەستپێکردنینووسین بوونیهەیە, ئەگەر زیادەڕۆیمان نەکردبێت دەبێت بلێین,ئیدیۆلۆژیم بەر لەنووسین بوونی هەیە, ئەولەبنەڕەتدابەشداری لەبیرۆکەیڕۆمانیش دەکات ,ئەوەش ئاستیدەنگە . ڕۆمان وەك دەقێك پەیوەندی گووتراوی نێوان چەند دەقێکە, کە(باختین) بە چەمکی(دیالۆگکردن )ینێودەق ناویدەبات,چونکەپەیوەندی بەئاستی دەنگینێودەقەکان هەیە,هەربۆیەکاتێدەق پەیوەندی بەدەقەکانیپێش خۆی دەکات ورووبەڕێك بۆدیالۆگکردن دەدۆزێتەوە,کەدیالۆگێکەبۆتێگەیشتن,لەو تێگەیشتنەوە زمەن هاودژدەکاتەوە,ئەوەش ڕێك گەڕانەوەیە بۆئەو ووتەیەی باختین ((کاتێك لەدەستەواژەیەکیدەست نیشان کراو تێگەیشتین,مانای وایە ئێمەقسەی هاودژیئاراستەدەکەین))(3)بەمانای پەیوەندیکردن بۆبەرهەم هێنانەوەیماناکانیرابردوو نییە,بەڵکوپەیوەندیەکەدەیەوێماناسەراوژێربکات وسەرلەنوێدەقێکی جیاوازبەرهەم بێنێت,بەلآم دەقێك خالی نییە لە دەقەکانی پێش خۆی,بۆیەئەوەیلەپێشوودایێی دەووترا(دزینی ئەدەبی) کریستیڤا لەڕێگەیتوێژینەوەیبەردەوامی لەسەرباختین توانی(دیالۆگکردن) بگۆڕێت بودووچەمکینوێ ئەوانیش(دەقئاوێزان)و(فرەدەنگی لە ڕۆماندا) بوو,بۆیەفرەدەنگیئاستی جیاوازی ئیدیۆلۆژیمە لەناو دەق. چونکە باختین زوو ووتی ((نووسەرلەجیهانێکیپڕووشە گەشە دەکات, کە لەناویان بەدوایڕێگاکەی خۆیدەگەڕێت))(4)

مەبەستی باختین لەوەدا بوو کەووشەلە پەیوەندی کردنە بەیادەوەری, دواتر دەیەویٚلەزەمەنی یادەوەریجیابێتەوەوزەمەنی دەق بەرهەم بێنێت, ئەوەش ئاگایی‌دەق دەکات بەئاگایی‌ئیدیوٚلوٚژیم,کەوەزیفەی ئیدیوٚلوٚژیم لەناو ڕوٚماندا‌پێشوازی‌کردنی دەنگە لە ئاستێکەوەکەدەنگ بەرەوئاستێکی تر دەبات, چونکەسیستمی بەرهەم هێنەری دەق سیستمێکە کەروٚمانی بنیات ناوە,کەلەسەربنەمای‌ئاخاوتن بنیاتنراوە نەوەکو نووسین,ئەوەش راڤەکردنێکی توٚپوٚلوٚگیەبوٚدەنگ,ئەوراڤەکردنەدەبێتەهوٚی‌ئەوەی‌شوێنگەی هەریەکە لە (ئاخاوتن)و(نووسین)لەنێوڕوٚماندا بناسین,کەئاخاوتن ئیدیوٚلوٚژیمی خوٚی دەگوٚریٚبوٚنووسراو,ئەوەش نووسینەوەی دەنگە , کەبەلای باختین ئیدیوٚلوٚژیم بچووکترین یەکەی ئایدیوٚلوٚژیایە,بوٚیەئەوگوٚڕانەلەپێناوئایدیوٚلوژیای دەقە, کەلەکورترین پێناسەدادەبیٚبلٚێین پێکهاتەیەکی زمانەوانیە, چونکە تێگەیشتنی بوٚ ئایدیوٚلوٚژیاتێگەیشتنێکی جیاوازە,نەبەململانێی چینایەتی دەبینیٚو,وەنەبەهەژموونی‌ڕوناکبیریی‌نێوکوٚمەڵی مەدەنی سەیری دەکات, بەڵکوبەلایەوەئایدیوٚلوٚژیا پەیوەستە بەو پێکهاتەزمانەوانیەی کارەکتەری نێو ڕوٚمان کەبوٚچوونەکانی خوٚی دەخاتەڕوو,ئەوەش خاڵێکی‌ترەبوٚدیالوٚگ کردن((دیالوٚگکردن چەمکێکی‌سیمیوٚلوٚژیە,کەسنوری زانستی زمان دەبڕێت,بوٚئەوەی بێتە بوارێك یان کاییەکی‌فراوانتر کەکاییەیان زانست لەڕێگەی زمانەوانیەوە,وە دیالوٚگ کردنیش دوای ئەوە دیدگایەکی گشتیە لەفکرو هونەروژیان,دەکریٚلەزوٚربواردا‌پراکتیزەبکرێت,لەبەر ئەوەی ڕوانینێکی‌نوێیە,کەهەڵدەستیٚلەسەر بڕوای دیالەکتیکی‌لەگەڵ ڕوانینی موٚنوٚلوٚگی‌کوٚن وبراوەلەفکروهونەروژیان))(5) ئەودیالوٚگەش بەبەرهەمی‌دووفەیلەسوف دەزانێت ئەوانیش (سوقرات) و (مینیب دوٚکادوٚر)ە ,ئەوەی‌دواییان فەیلەسوفێکی‌سەدەی سێی پێش زایینە .دیالوٚگی سوقرات وەك ڕەگەزێکی کەڕنەڤاڵی‌مایەی سەرنج و تێڕامانە, چونکە ئەودیالوٚگە لەتێگەیشتنی مێژوویی‌جیابوٚتەوەوبەرەو تێگەیشتنێکی‌عەقڵی ڕوٚیشتووە,بەمەبەستی دەرخستنی حەقیقەت کە بەرهەمی ئەو زەمینەییە کەدیالوٚگی‌تیادەخوڵقێنرێت,ئەودیالوٚگەسوقراتیەش بەپێی‌تێگەیشتنی باختین توانای دژایەتی‌کردنی موٚنوٚلوٚژی هەیە, ئەو دژایەتیەبەرهەمهێنانی ئەو حەقیقەتە سوقراتییەکەلەڕێگەی دیالوٚگکردنەوە توانای دەسکەوتنی‌دەنگەکانی هەیە,ئەوەش دیالوٚگکردنی‌دەنگە. ئەودیالوٚگەش دەبیٚبەزەمینەیەك بوٚڕوٚمان , کە گوٚڕینی (دیالوٚگ)بوٚ (ووشە)گواستنەوەیە لە دادگاکەی سوقراتەوەبوٚڕوٚمان,چونکە ووشە تەنیا پێکهاتێکی‌دەلالی نییەبوٚڕستە,بەڵکو ئەو پێکهاتەیە هەڵدەستیٚ بەسازدانی کوٚمەڵێك پەیوەندی نێوان ئەوزنجیرە بەدوا یەك هاتوانەی نێو ڕستە,ئەوەش بەلای(کریستیڤا)وەسیٚرەهەندی تایبەت بوٚ پانتایی دەق دەست نیشان دەکات کە پێکهاتوون لە(نووسین,وەرگر,سیاق) ئەو سیٚ رەهەندە سیٚ ڕەگەزیی سەرەکین بوٚ دیالوٚگکردن,دیالوٚگکردنیش پەیوەندی بەو ئایدیال و پێکگەیشتنەی ووشەوە هەیە,چونکە ووشە کە دواترلەڕێگەی سیستمی ڕێکخەرگوتارێك بەرهەم دێنێت کە دەقە,یابەمانایەکی تردەقێك بەرهەم دێنێت کەگوتارە,بوٚیەبەشداریی‌کردنی ووشە لەگەڵ ووشەدا خوێندنەوەی ووشەیەکی ترە,بەواتای خوێندنەوەیەکی ترە بوٚگوتار,دارشتنەوەیەکی نوێیە بوٚدەق,ئەوەش لای (باختین) لەدایکبوونی دوو تەوەری نوێیە کە(دیالوٚگ ) و(دووفاقیەتە).دووفاقیەتی‌زمان پەیوەندی بەو زمانە شیعرییەی نێو ڕوٚمان هەیە,کەزمانێکە لەپوٚلین کردنی‌کوٚمەلاٚیەتی جیا بوٚتەوە, ((ئەوەی لێرەدابەلامانەوەگرنگە ,ئەوفوٚرمەیە کەبەرجەستەی‌ئەو ململانێیە یا ئەو بەرابەرییەدەکات,لەنێوان فوٚرمە پەخشانیەکانی‌ڕوٚماننووس,وەفوٚرمی دیالوٚگکردن بەدرێژکراوەیەکی‌سرووشتی دادەنیٚ, بوٚ لاساییکردنەوە پوٚلین کراوەکانی‌هونەری پەخشانی روٚماننووس, لەسەر بەردەوامی گەشە سەندن,وە باختین دەگەڕا بەدوای‌فوٚرمەکانی ڕوٚمان کە بە پێی‌ئەو هێڵەلەگەشەسەندن تێپەڕێت, ئەوەش لەڕوٚمانەکانی (سوٚیفت) و (رابلیە)و(دوٚستوٚفسکی) دوٚزیەوە,کەڕوٚمانەکانیان نوێنەرایەتی ئەو لوتکەیە دەکات,کەفوٚرمی دیالوٚگکردن لەپەخشانی روٚمان پێی گەیشتوون, (کریستیڤا)ش هەوڵیداڕێگاکە تەواو بکات,بوٚیەگەڕا بەدوای‌ئەو فوٚرمانە لەڕوٚمانی سەدەی بیستەم,کەلەکارەکانی (جیمس جوٚیس)و(فرانز کافکا) دوٚزییەوە))(6 )ئەوەش بەگوتاریی‌کەڕنەڤاڵ ناو براوە,گوتارێکە کریستیڤا لەڕێگەی درێژەدان بەپڕوٚژەکەی باختین هەوڵیداچەمکەکانی‌دەست نیشان بکات,ئەو گوتارە دەیگەیەنیٚبەلوٚژیکی شیعریی((لەبەر ئەوەی‌ڕێسایی‌کوٚدی زمانەوانی‌تێدەپەڕێنێت,هەروەهاڕێسای ئاکاری کوٚمەلایەتیش,کەلوٚژیکی خەونی لەسەر بنیات نراوە))(7)کەوابێت ئەوەی وادەکات بوٚئەوگوتارە بگەڕێتەوە پەیوەندیی بەوتێپەڕاندنەهەیە کەلەڕێگەی لوٚژیکی شیعرییەوە توانای خوٚسەپاندنی هەیە بەسەرئەولوٚژیکەی‌خەون کەبەرهەمی‌ئاکاری کوٚمەلایەتیە, زمانیی شیعریی‌ئەو کوٚدە زمانەوانییە تێدەپەڕێنێت,هەر ڕوٚمانێکیش بونیاتێکی کەڕنەڤاڵی هەبوو,بەڕوٚمانی فرە دەنگی (پوٚلیڤوٚنی)ناو دەبرێت,ئەوەش روٚمانێکی دەگمەنە,بوٚیەدەبینین لەهەر سەدەیەکدا ئاماژەبە سیٚهەوڵی‌ڕوٚماننووسی کراوە,ئەگەر باختین ئاماژە بە (رابلیە,سوٚیفت,دوٚستوٚفسکی)بدات,ئەوا (کریستیڤا)ش بوٚسەدەی بیست سیٚناوی تری‌دەخاتەسەر(جویس,بروٚست,کافکا),وەبەلایەوە ئەو جوٚرە دەقە تەنیادابڕانێکی‌لەبواری‌نووسینی ئەدەبی نەخوڵقاندووە,بەڵکو دابڕانی لە نووسینی‌فەلسەفی وکوٚمەلایەتیش بەرپاکردووە.دیارە

بەدوای وەرگرتنی دیالۆگی سوقرات بۆ ڕۆمان,مانای وانییەڕۆمان لەبەردەم تاکەکلتورێکی کەڕنەڤاڵیدا بووە,کەئەوکلتورە نەیتوانیبێ فراوان ببێت ولەناوئەو چوار چێوەیە گەشەی نەکردبێت, بەڵکوزۆر شێوەی تری لێ لەدایك بوو ,کە دیارترینیان(مونیب دۆکادار)ە,کەوەك نمونەی دووەمی دیالۆگ لای هەریەکە لە باختین وکریستیڤا دەهێنرێتەوە,بەتەنیا نمونە هێنانەوەیەکی ئاساییش نییە,بەڵکو دوو نموونەوئاماژەن بۆلەدایك بوونی ڕۆمان,بەتایبەت ئەو گەشە سەندنەی ڕۆمانی خۆرئاوایی بۆ(مونیب)دەگەڕێننەوە,ئەوەش بە مونیبیەت ناو دەبرێ,کەمەبەست لەناوبردنەبە(دامەزراندنی ڕەگەز),ئەوناو بردنەش لە ڕۆمانیەکان وەرگیراوە,کەلەسەدەی یەکەمی زایین بەکارییان هێناوە((بەلام ئەو ڕەگەزە زۆرپێش ئەوکاتەدەرکەوتووە,لەوانەیە(ئەنتسنیس)یەکەم نوێنەر بێت بۆئەو رەگەزە,قوتابی سوقرات و,وەیەکێکەلەنووسەرانی (دیالۆگەکانی سوقراتییە)وەهیراکلیتس-یش ئەویش هەروامونیبیاتە, کەداهێنانی لەناو ئەوڕەگەزە ئەدەبییەبە شێوەیەك کردووەکەبەپێی شیشرۆن ناودەبرێ بە (لۆگیستۆریسۆس)بەلام هەرچی ( فارۆن)ە مانەوەیەکی دەست نیشان کراوبەو ڕەگەزە دەدات))(8)

ئەو دووتێگەیشتنەبۆدیالۆگ و فرەدەنگی لەناو ڕۆمان وایکردووەدەق وەك ڕووبەرێك بۆ سیمانالیزا بخرێتە روو,کەلەبنەڕەتدادیالۆگی فەلسەفیەلەناو ئەدەبدا,بەتایبەت لەنێو فەلسەفەی یۆنانیدا,چونکەئەگەر لەگفتووگۆ کردن لەبارەی شیعرەوەبەچەمکێکی هیگلیزم قسە لەنێگەتیڤ بوونی شیعر دەکا, بەلام ئەوئاگاییەفەلسەفییەی لەپشت دەقەوەیە,ئاگاییەکی هیگلی نییە, بەڵکو ئاگاییەکی ئەفلاتونیە.وەك چۆن لەدرێژەدان بەپڕۆژەکەی باختین بۆدیالۆگ و فرە دەنگی نێو رۆمان,لەپشت ئەو ئاگاییەمارکسیەوە کار ناکات, کە لە ناو پڕۆژەی باختین ئامادەگی هەبوو,بەڵکو ئەوە ئاگاییەکی سوقراتیە دەبێ بە میکانیزمی دەق,چونکە ئاگایی مارکسی دەبوو بەسێنتەری دەق,بەلام کریستیڤا دەیویست لەو سێنتەرە دەربچێت لەڕێگەی دیالۆگکردنەوە, بۆئەوەش دیالۆگەسوقراتییەکەلای بووەبەمیکانیزمی ئەودەقە,بۆیەپەیوەندیی سیمانالیزاوئەدەب پەیوەندییەکەلەسەردیالۆگکردن لەناوئاگایی فەلسەفییەوە وەستاوە.

پەراوێزوسەرچاوەکان

(1)مقولەالشعرومقولات الفلسفە/عادل عبداللە/الاقلام العدد(9/7)1997/ص39
(2)علم النص/جولیا کریستیفا
ترجمە(فریدالزاهی)دارتوبقال(المغرب) الگبعە الپانیە 1997/ص76
(3)التناص فیالخگاب النقدی المعاصر/عبدالوهاب ترو/الفکر العربی المعاصر/العدد(61/60)شباگ 1989/ص77
(4)نفس المصدر/ص77
(5)الحواریەوفلسفەاللغەعندباختین/باسم صالح حمید/الگلیعە الادبیە/العدد(2)1999/ص69
(6)نفس المصدر/ص68
(7)الکلمەوالحواروالروایە/جولیا کریستیفا
ترجمە(حسن المودن)الاداب الاجنبیەالعدد(104)2000/ص80
(8)نفس المصدر/ص92